# میترا تۆ کوڕی کێی



kner_hx@yahoo.de

که هەڵدێی وەک ئەستێرە لەدایک نابیت
که ئاوا ئەبیت ڕوناکیت  له ڕۆژ ئەچێ
له کابە کۆنەکان نووسراوە کوڕی ئەستێرەکان و کوری خودایت
له چاوەکانیشم تەنها سەرسوڕمان و ڕامان
 تۆ کوڕی کێیت میترا
پیرەکان به گەنجەکانیان وت
میترا هەموو ساڵێ له شەوێکی تاریکدا لەدایک ئەبێ و
ئەشکەوتێک ئەکا بەچرا خان
موغەکان وایان ئەوت
خۆیان له ئاوی کانیەکان هەڵئەکێشاو
گۆرانییەک... لەوپەڕی ئیمانەوە ئەیگەیاندنە
ڕۆحی زەردەشت
ئەوان بێ ئاهورا مازدا میهرەبان بوون
ئەوان چاوەڕێ بوون میترا لەدایک بێتەوە
پیرە ئیماندارەکان پەنجەکانیان ئەخستە سەر حەرفە بەردینەکان و
ئەیانوت دایکی میترا کچە و باوکی خودا
میترا له دایک بە... با خۆمان بە تیشکەکانت بشۆین
میترا وەرە ئازادی و پەیمان بێنەوە
من له جوانی میترا سەرم ئەسوڕمێ و لەهەموو کاتیک بێ وەڵامترم..
من له تاریکی خەریکەچاوەکانم کوێر ئەبن و
میترا له ماڵەکەم زەمەنێکە له دایک بووە
ئەو لەو خودایە ناچێ کە موغەکان باسیان ئەکرد

خوایەکەی من میهرەبانتر تیشکەکانی ئەڕژێنتە کانی ڕۆحمەوە
هەرجا رەو بەجۆرێکیتر لەدایک ئەبێ و
هەموو جارێکیش  کەمێ  جوانتر
تۆ پێم بڵێ.. ئەم ڕوناکاییەت لەکوێ بوو
چۆن ئەتوانی هەمو وشە نائارامەکانی منت خۆش بوێن و
هەر لە باوەشی منیش لەدایک ببیەوە
دەست لە خوایەتی هەڵگری و بە تیشکەکانت ڕۆحم بریندار نەکەی
میترا تۆ بۆ من خەریکە وردەوردە ئەبیتەوە مرۆڤ و
تیشکەکانت کەمتر گەرمایی ئەبەخشن بە ئەشکەوتەکان
من چەند بەختەوەرم کە تۆ لە دایک ئەبیت و
میهرەبانی پیاوێک لەنێو دەستەکانمدا ئەبێ
من تێکستێکی پیرۆز ئەخوێنم و
تۆ هەموو جارێ لە تاریکترین ڕیگا ئەگەی بە من و ڕووناکم ئەکەیتەوە
من ناوی تۆ بەر لە هەموو خوایەکان ئەبەم و ئەهریمەن ئەبێتە هاڕێم و
ئازارم نادات ...
من لە هەموو تۆفانەکان ناوم بردی و
هێشتا لە خوێندنی  تێکستە پیرۆزەکانت نابمەوە
تۆ لەوێی... خۆت و چەپکێ ڕووناکی
من وەک موغەکان ساڵێک ناوەستم تا لەدایکبوونت شەوێکم ڕووناک کاتەوە
تۆ لەهەموو شەوەکانم لەدایک ئەبی و
ڕۆحم پرئەکەی لە تیشک
تۆ کێی... گومان ئەکەم تۆ میترا بیت و ... لەسەر نیگاکانیشت میترا ئەڕژێ
من بەگومانم لەحەرفە بەردینەکان و وتەی پیرەکان
بمگەرێنەوە میترا بۆ زەمەنێکی دوور
ئەمەوێ لە زەردەشت بپرسم و پێی بڵێم
تۆ وتت میترا دوای تاریکی  جارێ دێت و
تیشکەکانیشی لە ڕۆژ بەهێزترە
بەڵام ڕۆیشتی و بە ئێمەت نەوت لە سەرووی مێترا و ئاهورامازدا چی هەیە
تۆ نەتوت لە میترا ڕووناکتر کێیە
من ئەترسم و ناتوانم بە ئیمانداره‌کان بڵێم
لە ئەشکەوتی دڵی مندا خوایەکی میهرەبانتر لەدایک ئەبێ و
مرۆڤانەتر ماڵەکەم پر ئەکا لە تیشک ...

کنێر حەسەن خانم
28.01.2008